شیعر

# سەفەر و کۆتایی ڕێگا

شـوان حـەسـەن

کە دەڕۆیشتین ڕێگام دەخوێندەوە
بۆنی باران و نانی لێ دەهات
هەزاران پێ کوتابوویان
گەر باران نەبێ
هیچ لاپەڕەیەکی ڕێگات پێ هەڵنادرێتەوە و
شوێن پێیەکان یەکتر بزر دەکەن..

***



ڕووناکی سێبەری هەنگاوەکانمی دەکوژاندەوە
بەر لەوەی تۆ ماچ بکەم
شوێنەوارم جێ نەدەهێشت
کە وێڵی
ڕێگای دۆزییەوە
هێند هیلاک بوو
قووچەکێکی کرد و خەوت..

***

درەختێک بۆ قومێک ئاو دەچەمایەوە
سەر ڕێگا
سێبەریش کەسکایی دەدزی و
شەوانیش لە سەر گازەرەی پشت
لێی رادەکشا
***
هەموو بەیانییەک
ڕێگا پۆستی بۆ ئەو ماڵانە دەبرد
کە ناونیشانیان جێ هێشتبوو
ئەوانیش دەستیان دەگرت و
لە جۆگەکان دەیانپەڕاندەوە
***
ئەوانەی لە سەر ڕێگا دەمرن
لە دڵۆپەکانی سەرابدا دەبن بە ناونیشان
لە مرۆڤبووندا دەبن بە کرم..
***
١٠٣٥ گوڵەبەڕۆژەی لە پەرچەمی ڕێگا دابوو
قاندرمەی خستبووە ژێر تیشکی رۆژ
قریوەی بۆ جوانی لێ دەدا
دەبینن چۆن بۆ یەک دەچەمێنەوە و
تێک دەئاڵێن
ئیستاتیکا بە فێنکی گیرفانەکانی پڕ لە گوڵەبەڕۆژە دەکرد و
بە دەم ئاوابوون دەیقرتاند
***
لە ساڵیادی لە دایکبوونی زەوی
ساماڵی زیوین





قژی ڕێگاکانی تاڵ تاڵ ڕەنگ دەکرد

***

ڕێگا پڕ دەبوو
لە گەنم و ئاو
کە قیڕ هات
قاچی چۆلەکەکانی داغ دەکرد
لەو ڕۆژەوە
ڕێگا مرد
خۆر چیتر
ملوانکە و بازنەی
وەک دیاری
بۆ زەوی نەنارد..